**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی برگەی(١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق) ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو وبە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٩) لە رۆژی(٢٠١٠/٦/٢٧) بریارماندا بە دەرکردنی:

**بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ی**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

بەپێی حوکمی بڕگەی(١) لە مادده(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و، لەسەر ئەوەی کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٢٠)ی رۆژی ٢٠١٠/٦/٢٨ی پەرلەماندا هاتووە بریار درا بە:

**یەکەم:** پەسند کردنی حسابی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق بۆ ساڵی(٢٠٠٩).

**دووەم:** ئیقرار کردنی پێشنیارەکانی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان چی پێویستە لەسەر ناوەڕۆکی بڕگەی دووەمی سەرەوە ئەنجامی بدەن.

**چـــوارەم:** ئـەم بڕیـارە لـە ڕۆژی وەرگرتنیـەوە(تبنیـە) لـە ٢٠١٠/٦/٢٨ جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**هەولێر**

**٨/تەمموزی/٢٠١٠ی زایینی**

**١٧/ پووشپەڕ/٢٧١٠ی کوردی**

**٢٦/ رجب/ ١٤٣٢ی کۆچی**